ص:19-29
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# نامەئلووفکردنی واتایی لە شیعری تەڵعەت تاهیردا

فەرمان محمدئەمین حسن[1]، محمد ئەمین عەبدولا[2]

[1,2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: farmanmuhamad248@gmail.com[1], Mohammed.ameen@univzul.edu.iq [2]

**پوختە:**

تەڵعەت تاهیر یەکێکە لەو شاعیرانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە کایەی رۆشنبیریی کوردییدا وەکو شاعیرێک دەرکەوتووە. لە نوسینی شیعردا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و زیاتر کار لەسەر ئەو دیاردە و بابەتە ئاسایی و مەئلوفانەی ژیانی رۆژانە دەکات، کە لە واقیعی ژیانی رۆژانەدا سەرنجمان راناکێشن، بەڵام ئەم لە شیعرەکانیدا دەیانمەزرێنێت. مەزراندنیشیان لە شیعرەکانیدا بە جۆرێکە لەو دۆخە ئاسایی و مەئلوفەی واقیع دەریان دەهێنێت و لە رێگەی بەستنەوەیان بە بابەت و دیاردەی تری وەک عیشقەوە نامەئلوفیان دەکات و دەیانکاتە جێگەی رامان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونی فۆرمالیزمەکانی وەک شکلۆفسکی، لە رووی تیۆرییەوە کارمان لەسەر نامەئلوفکردن کردووە دواتریش دیاردەی نامەئلوفکردنی واتاییمان لە دەقە شیعرییەکانی تەڵعەتدا خستووەتە بەر باس و کارمان لەسەر کردووە گەیشتووینەتە ئەوەی تەڵعەت تاهیر لە دەقە شیعرییەکانیدا نامەئلوفکردنی واتایی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بەکارهێناوە و لەناویشیاندا لێکچواندن بە پلەی یەکەم دێت لە چاو هونەرەکانی تر، بەڵام لێکچواندنەکانی تەڵعەت تاهیر جیاوازن لەو لێکچواندنانەی پێشتر پێیان راهاتووین.

**کلیلە وشەکان:** نامەئلووفکردن، لێکچوواندن، فۆرمالیست، پارادۆکس، خواستن. بە گیانەوەرکردن، درکە.

**الملخص:**

طلعت طاهر هو أحد الشعراء الذين ظهروا في مجال الثقافة الكردية في السنوات الأخيرة، ويتميز بأسلوبه الفريد في كتابة الشعر ويعمل أكثر على الظواهر والقضايا المألوفة في الحياة اليومية. إنه يؤسسها في قصائده بطريقة تجعلها تخرج عن الوضع الطبيعي والمألوف للواقع ويجعلها غير مألوفة من خلال ربطها بموضوعات وظواهر أخرى مثل الحب(العشق). في هذه الدراسة، وباستخدام آراء الشكلانيين (الفورماليستيين) مثل شكلوفسكي، ومن الجانب النظري عملنا على ظاهرة (اللامألوف) ثم ناقشنا ظاهرة اللامألوف الدلالي في النصوص الشعرية لطلعت طاهر وأنه قد استخدم في نصوصه الشعرية تقنية اللامألود بصورة مكثفة، لكن تشبيهات طلعت طاهر تختلف عن تلك التي نحن اعتدنا عليها.

**الكلمات المفتاحية:** اللامألوف، التشبيه، الشكلانيون، المفارقة، الإستعارة، الكناية.

**Abstract:**

Talat Tahir is one of the Contemporary poets of the Kurdish culture sphere. He has his style of poetry, He usually works on the objects that we experience daily in our life; Which are nonsensical in our daily life, and they don't attract us, but he uses them and give sense to them, and also defamiliarizes them.

He extracts the original meaning of the words, and makes new actuality of them, or gives new meaning to them, for instance by relating those words to love and romance, he makes think.

In this research, works have been done on defamiliarization, by using formalist theories for instance Shklovsky. After that, the abstract defamiliarization of Talat Tahir's texts has been explained.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

Therefore, we have come to a thinking that: Talat Tahir has used Abstract defamiliarization too often in his texts, especially metaphor. But the metaphors that he uses, are different from what we have used to read.

**Key words:** Defamiliarization, Simile, Metonymy, Paradox, Formalists, Metaphor.

## پێشەكی:

**ناونیشانی توێژینەوەكە:** نامەئلوفكردن زاراوەیەكە سەرەتا لەلایەن (شكلۆفسكی)ی رەخنەگری فۆرمالیستەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا بەكارهێنراوە و دواتر لە لایەن رەخنەگرانی تری فۆرمالیستی وەک (جاكۆبسن و تینیانۆف)ەوە، سەرنجی درا و بووە جێگەی بایەخیان. لەم توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی (نامەئلوفكردنی واتایی لە شیعری تەڵعەت تاهیر) لە ئاستی واتاییدا باسمان لە نامەئلوفكردن كردووە لە شیعرەكانی تەڵعەت تاهیردا.

**سنوری توێژینەوەكە:** سنوری توێژینەوەكە لە چوارچێوەی دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە)ی شاعیردایەو نمونەكان لەو دیوانە وەرگیراون.

**گرفتی توێژینەوەكە:** كەمی سەرچاوەی بەردەستی زانستی؛ نەک هەر بەزمانی كوردی، بەڵكو بەزمانەكانی تریش یەكێک بوو لە گرفتە سەرەكییەكان لەكاتی نووسینی توێژینەوەكەدا.

**میتۆدی توێژینەوەكە:** ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهێنراوە بۆ كاركردن لەسەر شیعرەكانی تەڵعەت تاهیر، دەكەوێتە ناو چوارچێوەی میتۆدی فۆرمالیزمی رووسییەوە و بۆ كاركردن لەسەر شیعرەكانی شاعیر سوود لە بۆچوونی پێشەنگەكانی فۆرمالیزمی رووسی بە تایبەتی شكلۆفسكی وەرگیراوە.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:** توێژینەوەكە جگە لە پوختەو پێشەكی، لە دوو بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەكەمدا باسی چەمک و زاراوە و ئەركەكانی نامەئلوفكردن كراوە. لە بەشی دووەمیشدا، بە نمونەی شیعرەكانی تەڵعەت تاهیرەوە باسی نامەئلوفكردنی واتایی كراوە. لە كۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەكان خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوە بەكارهاتووەكان.

## بەشی یەكەم: زاراوە و چەمكی نامەئلوفكردن

### زاراوەی نامەئلوفكردن

ئەم زاراوەیەش وەكو زۆربەی زاراوەكانی تر لە رۆژئاواوە سەری هەڵداوە و دواتر گەیشتۆتە رۆژهەڵات و بەتەواوی بڵاو بۆتەوە و جێگیر بووە. لەبەر ئەمەش لە كاتی وەرگێرانی زاراوەكە یان باسكردن لێی، چەند زاراوەیەكی بۆ بەكارهێنراوە و هەر رەخنەگرێك بە جۆرێك وەری گێڕاوە. بۆ نمونە: ئیبراهیم خەتیب لە كتێبی (نظرية الأدب) ی تودۆرۆفدا، كاتێك زاراوەكەی وەرگێڕاوە، زاراوەی (إغراب و إنفراد)ی بۆ بەكارهێناوە، كە هاوواتای زاراوەی فەرەنسی (singularisation)ن. واتە خەتیب وشەكانی (إغراب و إنفراد)ی بە واتای (تغريب) بەكارهێناوە.

لەتیف زەیتونی لە پەرتووكی (معجم مصطلحات نقد الرواية) دا هەمان واتای ئیبراهیم خەتیب بۆ زاراوەی تەغریب بەكاردەهێنێت و بەم جۆرە پێناسەی دەكات: جیاكردنەوەی شت بەهۆی پێدانی وێنەیەكی تازە و (تاک)كردنەوەی، ئەمەش بەوە دەبێت، كە وشەیەكی ناسراو بۆ پێكهاتەیەكی تازە بەكاربهێنرێت، هەروەها پێشكەشكردنی شتێک بە شێوەیەكی نوێ، كە لە واتای زانراوی خۆی دەربێت. (زيتونى، 2002، 24). بەڵام وائیل سەیید عەبدولڕەحیم لە پەرتووكی (تلقي البنوية فى النقد العربى)دا واتای (تەغریب)ی بەرانبەر (Unfamiliarization) داناوە، كە پێچەوانەی وشەی (familiarization) و بە واتای (خووپێوەگرتن و ئولفەتپێوەگرتن) دێت. ئەم واتایەشی لە بۆچوونێكی (ڤیكتۆر شكلۆفسكی)یەوە وەرگرتووە، كە بریتییە لە: داماڵینی ئەو ئولفەتەی بە جۆرێكی كرداری لە نێوان ئێمە و شتەكاندا هەیە، تا بە شێوەیەكی جیاواز هەست بە شتەكان بكەین. (شودار، 2015، 34). (محمد بوزواوی) یش لە (معجم مصطلحات الأدب) دا بە واتای (Exotisme) لێكیدەداتەوە، كە بە واتای (الإغرابيه)دێت. بریتیە لە گەڕان بۆ هەموو نامۆكان و نامەئلوفەكان لە ژیاندا، كە لە رێگەی كارە ئەدەبییەكانەوە گوزارشتی لێبكرێت. (بوزواوی، 2003، 33).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

له زمانی فارسیشدا له بەرامبەر زاراوەی (defamiliarization)ی ئینگلیزی و (التغریب) ی عەرەبی زاراوەی (أشنایی زدایی) بەکارهاتووە (مرادی، 1389، 70) و واتای چوونەدەرەوە لە مەئلوف و ئاشنایە، چوونەدەرەوەیەك بەهۆیەوە بۆ خوێنەر و بیسەری ئەو قسەیە سەرسوڕمانێك دروست بکات.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا رووسییە و دواتر وەرگێردراوە بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و دواتریش زمانی عەرەبی و فارسی و... هتد. ئەمەش وایکردووە لە وەرگێراندا جۆرە کێشەیەك دروست بکات، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبیدا، زۆر وشەو دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە.

له زمانی کوردیشدا ئەم وشەیە لە کاتی وەرگێڕاندا زیاتر لە زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە و بە چەند شێوەیەك وەرگێردراوە بۆ نموونە. (محمد تاتانی) لە وەرگێرانی کتێبەکەی (بسام قطوس) (دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ)دا (نامۆکردن) ی لە بەرانبەر زاراوەی (التغریب)ی عەرەبی و (defamiliarization) ی ئینگلیزی داناوە (قەتوس، 2011، 107). لە لایەکی ترەوە (عەتا قەرەداغی) لە بەرانبەر ئەو زاراوەیەدا، زاراوەی (نامەئلوفکردن) ی بەکارهێناوە (وێیستەر، 2017، 83)، هەروەها (عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا) لە کتێبی (شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە)دا لە بەرانبەر زاراوەی (defamiliarizatio)دا، زاراوەی نائاشناکردن بەکاردەهێنێت (عەبدوڵا، 2008، 38). بەم جۆرە لە وەرگێرانی زاراوەکەدا بۆ زمانی کوردی چەند زاراوەیەکمان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئێمە زاراوی (نامەئلوفکردن) بەکاردەهێنین، کە لە وشەی (مألوف) وەرگیراوە. وشەی (مألوف) وشەیەکی عەرەبییەو لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم وشەیە سێ وشەمان هەیە:

1. یەکیان وشەی (باو)ە، کە بە لای ئێمەوە ئەم وشەیە بە تەواوی واتای مەئلوف ناگەیەنێت، چونکە باو بۆ شتێک بەکاردێت، کە ماوەیەک لە کایەکەدایە و وەک مۆدیلی لێ دێت، بەڵام دوای ماوەیەکی دیاریکراو باوی نامێنێت و بەسەر دەچێت.
2. ئەویتریان وشەی (ئاشنا)یە، ئەم وشەیەش دیسان بە تەواوی واتای مەئلوف ناگەیەنێت، چونکە ئاشنا لەلایەکەوەو بەپێی هەندێک سیاق بە واتای خزم و ناسیاو دێت، کە ئێمە مەبەستمان ئەمە نییە. لەلایەکی ترەوە بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە یان شتە، کە بە ئاشنا دادەنرێت، نامۆ نییە و پێشتر چەند جار بینراوە. بۆ نموونە مرۆڤ دەڵێت بەو شتە یان بەو کارە ئاشنام، واتا مامەڵەم لەگەڵ کردووە و دەزانم چییە و چۆنە.
3. سێهەمیان بە واتای ڕاهاتن دێت. ئێمەش مەبەستمان لە مەئلوف شتێکە مرۆڤ لە منداڵییەوە لەگەڵی و پێی ڕاهاتووە (واتە ئولفەتی پێوە گرتووە)و مەئلوف بووە بەلایەوە، بەڵام شاعیر دێت ئەم شتەی مرۆڤ پێی ڕاهاتووە دەیکات بە شتێکی نامۆ و وەک ئەوەیە مرۆڤەکە یەکەم جاری بێت بیبینێت. لێرەشدا ناکرێت وشەی (ڕاهاتوو) و (نا ڕاهاتوو) بەکاربهێنین، چونکە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان دەبوو بە (نا ڕاهاتووکردنی زمانی لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا)، کە ئەمەش ناونیشانێکی گونجاو و ئەدەبی نییە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە بابەتێک یان شتێک یان دیاردەیەک هەیە، مرۆڤ لەو کاتەوەی چاوی کراوەتەوەو شتەکانی دەوروبەری بینیوە، هەر بەو جۆرە بینیونی و پێیان ڕاهاتووە، واتا ئولفەتی پێوە گرتوون و بوون بە شتێکی مەئلوف لەلای، نەک شتێک ماوەیەک باو بووبێت و نەمابێت یان ئاشنا بێت بەلایەوەو غەریب نەبێت. ئێمەش بۆیە وشەی مەئلوفمان داناوە، چونکە ئەم وشەیە زیاتر مەبەست و واتاکەی ئێمە دەدات بە دەستەوەو ڕاهاتنی مرۆڤە بە شتێک لە منداڵییەوە تا گەورەبوون.

**چەمکی نامەئلوفکردن**

چەمکی نامەئلوفکردن وەك زاراوەیەکی رەخنەیی پەیوەستە بە ناوی رەخنەگری فۆرمالیستی رووسی (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی)یەوە، کە لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (هونەر بە چەمکێکی تەکنیکی) ئەم چەمکەی دارشتووە. شکلۆڤسکی پێی وایە ئەوەی مانا بە هونەر دەبەخشێت، ئەو توانایەیە، کە مەئلوفییەت لە شتەکان وەردەگرێتەوەو دەیانخاتە سەر شێوازێکی نوێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نوێ و چاوەڕوان نەکراو پیشانمان بدات. بە بڕوای ئەو ئامانجی هونەر گەیاندنی هەستکردنە بە شتەکان بەو جۆرەی هەستیان پێ دەکەین، نەك بەو شێوەیەی دەیانناسین. شکلۆڤسکی هەوڵیدا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕۆمانی (ترسترام شاندی)ی (لۆرێنس شترین)ەوە بیروڕاکانی جێبەجێ بکات، بە جۆرێك لەم لێکۆڵینەوەیەیدا ئەو ڕێگایانەی باسکرد، کە نامەئلوفکردنی ڕووداوەکان تێیاندا ڕوودەدات بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی خاوکردنەوە و درێژکردنەوە و بڕینی ڕووداوەکان (Abrams, 1993, 56).

شکلۆڤسکی لە هەوڵێکدا بۆ پیادەکردنی چەمکی نامەئلوفکردن لە شیعریشدا، دەستیکرد بە توێژینەوە و هەوڵیداوە کار لەسەر هەموو لایەنەکان و هەموو مانا ئەدەبییە بێگەردەکانی وەك شێوازی دەنگ و سەروا و کێش بکات و دەنگ تەنها بۆ نواندنی ماناکان نەبێت، بەڵکو وەك توخمێکی مانادار بە شێوازی تایبەت بۆ یەك ئامانجی سەرەکی تەرخانکرد لە دروستکردنی نامەئلوفبووندا. بۆیە پرۆسەی ڕاهاتن ڕەتدەکاتەوە و وای کرد ئەوەی مەئلوفە بگۆڕدرێت بۆ نامەئلوف و بەم شێوەیە توانی بەرهەمێکی شیعری نوێ


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دروست بكات و ببێتە جێگرەوەی ئەو بەرهەمە شیعرییەی ئێمە پێی ڕاهاتووین. شكلۆڤسكی وای بۆ دەچوو تەكنیكی هونەر ئەوەیە شتەكان نامۆ بكات، فۆرمەكان قورس بكات، سەختی و درێژی هەستكردن زیاد بكات، چونكە پرۆسەی هەستكردن بۆ خۆی كۆتاییەكی جوانیناسییە و دەبێت درێژ بكرێتەوە.

لە ڕاستیدا چەمكی نامەئلوفكردن چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ كراوە و مشتومڕی دروستكردووە، بەڵام (سەرپێچی) و (گۆڕانكاری) و (پێچەوانە) بەهێزترینی ئەو زاراوانەو باوترین و بەكارهێنراوترینیان بوون. هەرچەندە هەموویان یەك مانایان هەیە، ئەویش شكاندنی یاساكان و دووركەوتنەوەیە لە فۆرم، یان ساختەكارییە لەلایەن داهێنەرەوە لەسەر زمانی نووسین، كە دەربڕینێكی نائاسایی لە جیهانێكی ئاسایی بێت، یان زمانێكە شاعیر دروستی دەكات بۆ ئەوەی شتێك بڵێت، كە ناتوانین بە شێوەیەكی تر بیڵێین. جان كۆهین دەڵێت: ((نامەئلوفكردن مەرجێكی پێش وەختە و پێویستییەكی دەقی شیعرییە و دووركەوتنەوەیە لە قسەی ئاسایی و بەكارهێنراو)). (روابحی،٢٠٢٠، 227). هەندێكی تر پێیان وایە نامەئلوفكردن لە شیعردا هەڵەیەكی بە ئەنقەستە، دووركەوتنەوەیە لە یاساكانی زمان بۆ ئەوەی بە دوای جوانی و شكۆمەندیدا بگەڕێت، ئاماژەیە بۆ خاوەندارێتییەك لە نێوان خوێنەر و دەقدا، شتەكان. واتە ئەو ئامرازەی، كە سەختی و درێژی تێگەیشتن زیاد دەكات. (هەمان سەرچاوە: 227).

وەك دەبینین پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمكە كراوە و بۆچوونی زۆر هەیە دەربارەی، وەكو پێشتریش ئاماژەمان پێدا زۆربەی پێناسەكان ئاماژە بە شكاندنی یاساكان دەكەن، وەك ئەم پێناسەیە، كە دەڵێت: "نامەئلوفكردن دەرچوونە لە ڕێزمان بۆ گەڕان بە دوای جوانی و سەرنجڕاكێشیی دەربڕیندا، هەروەها ئاماژە بەو تایبەتمەندییە دەكات، كە لە نێوان خوێنەر و دەق و شتەكاندا دروست دەبێت. واتە ئامرازێكە درككردن و درێژەپێدانی دەربڕینەكە قورستر دەكات"(Trelease, 1994, 11). ئەم پێناسەیەش باس لە دەرچوون لە زمان و ڕێزمان دەكات، كە دەبێتە لایەنی ئیستاتیكی لە دەربڕینداو مەبەستەكەی دوورخستنەوەی مەئلوفیەتە، چونكە گوزارشتكردنە لە بابەتێك بە جۆرێكی جیاواز و لادانێكی زمانەوانییە.

**ئەركەكانی نامەئلوفكردن**

نامەئلوفكردن بە شێوەیەكی گشتی چەند ئەركێكی هەیە، كە گرنگترینیان بریتین لە:

1. **ئەركی زمانەوانیی:** بۆچوونەكان بە نزیكەیی كۆكن لەسەر ئەوەی نامەئلوفكردن پێكهاتەیەكی كارایە، (گرنگییەكی تایبەتی بە زمان دەدات و واتای وشەیی بیر تەسك نامەئلوف دەكات و تێیدەپەڕێنێت و سیستەمی زمانی نەریتی دەشكێنێت. لەسەر بنەمای ئامرازەكانی گۆڕانكاریی، پەیوەندیی نوێ لەنێوان وشەكان و هاوواتاكانیان دادەمەزرێنێت و گرنگیی نامەئلوفكردن لە دروستكردنی ئەگەرێكی زمانەوانیی نوێدا نیشان دەدات، كە بەریەك دەكەوێت لەگەڵ ئەوەی لەسەر سەلیقە ورۆژێنراوە و ئەوەی لە زانستە سەرەتاییەكانی مرۆڤدا جێگیر بووە. ڕەنگە نوێ و سەیرەكەش، كە لە دیاردەی نامەئلوفكردندا ڕەنگ دەداتەوە جگە لە چەسپاندنی شیعر هیچی تر نییە و لە ڕێگەی واتا شاراوە و بارگاوییەكەیەوە كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر دەروونیی وەرگر دەبێت). (المسدی،1989، ٥١).

نابێت وەك دەستكەوتی شیعری سەیری نامەئلوفكردن بكەین، (بەڵكو لە ڕاستیدا بەرهەمی داهێنەرانەی بەكارهێنەری ماددە زمانەوانییە بەردەستەكانە و بەكارهێنانی زیرەكانەی ئەو واتا شاراوانەیە، كە لە زمانەكەدا هەن. نامەئلوفكردن ڕەنگە ئیختیاری بێت كاتێك دروستكەر پەنا بۆ هێنانەدی ئەو مەبەست و واتا هونەری و ئیستاتیكییانە دەبات، كە ئامانجیەتی وەك وروژاندنی دەروونیی، وەستانی دەروونیی، ڕاكێشانی سەرنج، جەختكردنەوە، یان ئامانجەكانی دیكە، كە نووسەر بەدوایاندا دەگەڕێت. یان لەوانەیە نامەئلوفكردن بۆ پاراستنی سەروا یان كێش پێویست بێت، هەروەكو ئەوەی شاعیر لە كاتی پاراستنی هاوسەنگیی شیعریدا دەیكات، ئەمەش بە گرتنەبەری ڕێگەگەلێك، كە تیایاندا شاعیر دەتوانێت ئەوە ئەنجام بدات، كە بۆ كەسانی ئاسایی ڕێگەپێدراو نییە. یەكێک لە پاڵنەرە دروستكەرەكان بۆ نامەئلوفكردن بریتییە لە خواستی دروستكردنی وێنەیەكی هونەری جیاواز، كە وەك هاندەری ئاماژەكەر كاردەكات و سەرنجی خەڵک ڕادەكێشێت). (الخرشە، 2008، 50).

2. **ئەركی جوانیناسی:** ڕەهەندی جوانیناسی یەكێكە لەو ئامانجە گرنگانەی، كە نووسەر لە كاتی پەنابردنە بەر نامەئلوفكردندا هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. بۆیە كەس ناتوانێت نكۆڵی لەوە بكات، كە هەوڵدان بۆ هەستكردن بە ستایل، وەک لادانێک لەو پێوەرەی لە دەرەوەی دەقەكەدا دۆزراوەتەوە و وەک لادانێک، كە نووسەر مەبەستی بووە، ڕۆڵێكی گرنگی هەیە. بەم پێیە جوانیناسییەک پێویستە، كە بە لایەنی كەمەوە لە یەكەم بینیندا قبوڵكراوبێت. زۆربەی توێژینەوە ڕەخنەییەكان چاوپۆشی لە بەهای جوانیناسی و ئەدەبی نامەئلوفكردن ناكەن، چونكە ((ڕەخنەگران تێڕوانینیان بۆ بەهاكانی نامەئلوفكردن جیاوازە، تۆرن زیادەڕەوی لە بەهای نامەئلوفی جوانیناسی دەكات و داوای ئەوە دەكات نامەئلوفكردنەكە پێكهاتەی رووكەش تێپەڕێنێت بۆ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(1)، حزيران 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پێکهاتە قووڵەکان، بۆ نموونە لە خوازەی (خەمباریی قەڵەمەکان)دا، خەم و پەژارە دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی ناعەقڵانی و ئەم نامەئلوفکردنە نهێنی شیعرە، لە کاتێکدا ڕەخنەگرانی دیکە لە وەرگرتنی نامەئلوفکردن وەک پێوەرێک بۆ کوالێتی ڕزگاریان دەبێت. ئامانجی ڕووداوی ئەدەبی تێپەڕاندنی راپۆرتئامێزییە بۆ وروژاندن و میتۆدی ئەدەبی تیۆری ڕەخنەیی لەم شوێنەدا دێت، بۆ لێکۆڵینەوە لەو تایبەتمەندییە زمانەوانیانەی کە تێیدا دەسوڕێتەوە)) (المسدی، 1989، 61). بەم پێیە دەکرێت بوترێت نامەئلوفکردن، (توخمێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی تێگەیشتنی جوانیناسیی ئەدەبدا). (موسی، 2000، 36).

**3. ئەرکی کاردانەوەیی (سەرسووڕمان):** یەکێک لە ئامانجەکانی نامەئلوفکردن بریتییە لە سەرنجڕاکێشان، یان سەرسامکردنی خوێنەر بە شتێکی نوێ و دڵنیابوون لەوەی بێزاری دزە ناکاتە ناو دەقەکەوە. (ئاشکرایە چەمکی سەرسوڕمان لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە وەرگرەوە، شێوازگەری و قوتابخانە رەخنەییەکانی دیکە گرنگییەکی تایبەتییان پێداوە، تەنانەت بەجۆرێك هێناویانەتە ناو بازنەی داهێنانەوە، کە لە سەردەمەکانی پێشوودا بەو جۆرە نەبووە. سەرسوڕمان ئەو ئەرکە سەرەکییەیە، کە زۆرێك لە توێژینەوە شێوازگەرییەکان پەیوەستیان کردووە بە نامەئلوفکردنەوە). (موسی،2000، 71).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆربەی رەوتە رەخنەییە مۆدێرنەکان درکیان بە رادەی کاریگەریی سەرسوڕمان کردووە، (بۆیە سەرنجیان لەسەر ئەو توخمانە دەبێت، کە ئەم سەرسوڕمانە درووست دەکەن و رەنگە لە چەمکی نامەئلوفکردندا سەرچاوەیکیان بۆ ئەو توخمانە دۆزیبێتەوە. بەم پێیە ئاستی داهێنان بەو رادەیە دەپێورێت، کە ئایا ئەم داهێنانە تا چەند کاریگەریی و سەرسووڕمان بەدیدەهێنێت؟ ئەمەش زۆرجار لە هێنانەناوەوەی ئەو توخمانەوە سەرهەڵدەدات، کە چاوەڕوان ناکرێت لە دەقی شیعری ئاساییدا تێکەڵ بکرێن). (ویس، 2005، 56). لە راستیدا گرنگی و بەها و جوانیی نامەئلوفکردن لەوەدایە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات و وای لێبکات رابمێنێ.

**بەشی دووەم: نامەئلوفکردنی واتایی لە شیعرەکانیی تەڵعەت تاهیردا**

ئاستی واتا یەکێکە لەو ئاستانەی رۆڵی گەورە و بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی دەقی شیعرییدا، ئەمەش لە رێگەی لادانە واتاییەکانەوە لە کاتی خوڵقاندنی شیعردا، (لە رێگەی چەند هونەرێکەوە خۆی دەنوێنێت. بەو پێیەی لە زماندا بەشی واتا بەرینترین بەشە، جۆراوجۆرترین لادانەکان لە نۆرم لەم بەشەدا روودەدەن. لە لادان لە نۆرمی واتاییدا شاعیر کارێکی بەسەر چوارچێوەی ئاسایی وشە یان رستەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ هەمان وشەگەلی ئاسایی بابەتێك دەڵێت، کە واتاکەی لەگەڵ رەسم و عادەتی نۆرمدا جیاوازە). (مقدم، 1377، 72). کەواتە دوورکەوتنەوە لە زمانی نۆرم لە بواری واتادا کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە نۆرم بە یەکێك لە فاکتەرەکانی نامەئلوفکردن دادەنرێت. (بواری مانا وەك نەرمترین ئاستی زمان، زیاتر لە ئاستەکانی تری زمان لە زەقکردنەوەی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت). ( فتوحی، 1391، ٤٧). لەم جۆرە نامەئلوفکردنەدا (شاعیر یان نووسەر سیستەمی ئاسایی دروستکردنی وشە تێکنادات، بەڵکو بە وشەی ئاسایی شتێك دەردەبڕێت کە، ماناکەی پێچەوانەی خووی ئاساییە). ( شیری، 1380، 13). کەواتە نامەئلوفکردنی واتایی لە رێگەی چەند هونەرێکەوە بەدی دێت، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: لێکچوواندن**

هونەری لێکچوواندن زۆری لەسەر نووسراوەو زۆریشی لە بارەوە وتراوە، بۆیە لە رووی تیۆرییەوە زۆر قسەی لەسەر ناکەین و بەوەندە دەوەستین، عەزیز گەردی دەڵێت: " لێکچوواندن بەستن و پەیداکردنی وێچوونێکە لە نێوانی دووشتا بەهۆی هاوبەش بوونیان لە یەک سیفەتا یا زیاتر بۆ مەبەستێک یا چەند مەبەستێکی دیار " ( گەردی، ١٩٧٠، ٢٢).

لێکچوواندن کاتێک نامەئلوفکردن بەدیدەهێنێت، کە شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە شیعرەکانیدا، لەوە لادات کە باوەو چواندنێکی نامەئلوف بخوڵقێنێت. لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا دەیان نموونە دەبینین، کە لێکچوواندنیان تێدایە، بەڵام لێکچوواندنێک کە جیاوازە لەوەی پێشتر لای شاعیرانی تر هەبووەو ئێمە پێیان راهاتووین. بۆ نموونە تەڵعەت لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێت:
کە پێدەکەنیت

دوو چاڵی بچوك لەسەر رووومەتت پەیدا دەبن
دەڵێی شوێنپەنجەی دایکمە لەسەر کولیچەی جەژن. (تاهیر، 2021، 133).

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین، لێکچوواندنێک دەبینین، کە تەواو نامۆ و جیاوازە لەوانەی پێشتر بەرچاومان کەوتوون. بۆ نموونە پێشتر لە باسی چاڵی چەنە و روومەتدا، شاعیران (چاڵی زەنەخدان / چاهی زەنەخدان) یان بەکارهێناوە، بەڵام لێرەدا شاعیر


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

چاڵەکانی سەر ڕوومەتی یارەکەی چواندووە بە شوێن پەنجەی دایکی لەسەر کولیچە. بێگومان ئەمەش وێنەیەکی تەواو نامەئلوفە و لەلای شاعیرانی تر بەرچاو ناکەوێت. لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

تورەبە
تۆ دەڵێی قاوەیت
تا هەڵبچیت تامت خۆشتر دەبێت (تاهیر،2021، 150).

ئەوەی لەم شیعرەدا تێبینی دەکەین لێکچواندنێکی تەواو جیاوازە، چونکە ئەوەی پێشتر بیستومانە شاعیران یارەکانیان بە (هەنگوین و شەکر...) و ئەو شتانە چواندووە کە شیرینن، نەبووە پێشتر شاعیرێك یارەکەی بە شتێکی تاڵ وەسف بکات. سەرەڕای ئەوەی تورەبوونی یار دیاردەیەکی نەرێنێ و غەمهێنەرە لای شاعیرانی تر، بەڵام لێرەدا شاعیر زیرەکانە یارەکەی چواندووە بە (قاوە)، کە تاڵە و تورەبوونی یارەکەشی چواندووە بە هەڵچوونی قاوەکە. ئەمەش وێنەیەکی زۆر نامەئلوفەو شاعیر وێنەیەکی نامەئلوفی وای دروستکردووە تا ئەو ڕادەیەی تورەبونی (یاری)یشی کردوەتە دیاردەیەکی قەشەنگ. شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

وەکو هەنجیر
هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشك کردۆتەوە
بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت. (تاهیر، 2021، 186).

ئەو وێنە لێکچواندنەی شاعیر لە شیعری (تین)دا هێناویەتی وێنەیەکی تەواو جیاوازە، چونکە لە ڕێگەی زمانێکی سادەوەیە و بەو کەرەستانەیە، کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام شاعیر وێنەیەکی لێکچواندنی لە نێوان (هەنجیری وشک) و (قسەی شیرین)ی یارەکەیدا دروستکردووە. هەرچەندە (هەنجیری وشك) دیمەنێکی جوان و سەرنجراکێشی نییە، بەڵام لێکچواندنەکەی شاعیر بە چەشنێکە، کە تەنانەت دیمەنێکی جوانیشی بەخشیوەتە هەنجیری وشك. ئەمەش ئەو وێنە جوان و نایابە نامەئلوفەیە، کە شاعیر لە ڕێگەی زمانێکی سادە و بە کەرەستەی ئاسایی زمانی ڕۆژانە خوڵقاندویەتی و لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر ناچار دەکات تێی ڕابمێنێت و وا لە خوێنەر بکات هەست بکات یەکەم جارە (هەنجیر ی وشك) ی بەرگوێ دەکەوێت، لە ڕاستیشدا ئەمەیە سیحری نامەئلوفکردن. واتە شاعیر لێرەدا دیاردەیەکی ناو ژیانی ئاسایی هێناوە، کە وشککردنی هەنجیر و هەڵگرتنییەتی بۆ ئەو کاتەی هەنجیر نامێنێت، یەک ڕەهەندی ئەم دیاردەیەی وەرگرتووە، کە هەڵگرتنیەتی بۆ کاتی نەبوونی ئەو شتەی هەڵگیراوە، لەڕوانگەی ئەم دیاردەوە شاعیریش قسە شیرین و خۆشەکانی یارەکەی هەڵدەگرێت بۆ ئەو کاتەی یار لەلای نامێنێت. نامەئلوفکردنی ئەم لێکچوواندنەی شاعیر، لە تێکەڵکردنی ئەم دوو دیاردەیەدایە، کە یەکیان مادی و واقیعییەو ئەویتریشیان مەعنەوی و ڕۆحییە.

**دووەم: خواستن**

وەك ئاشکرایە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی لە کۆنەوە شاعیران بەکاریان هێناوە و شیعرەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە. خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە.( گەردی، ١٩٧٠، ٦٩).

هونەری خواستن لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراوە، بەڵام خواستنەکانی ئەم شاعیرە جیاوازن لەو خواستنانەی پێیان ڕاهاتووین. بۆ نمونە دەڵێت:

دایکم بە ئاهی سارد دەروونی بووە سەلاجە
وەکو ئەوەی دەرمان بن
شروبی فرمێسك و پاکەتی نەبوونی و قەترەی مەراقی
لە شوێنێکی وشك و لە ڕەفەی سەرەوەی ناخیدا
دوور لە دەستی منداڵەکانی هەڵدەگرت. (تاهیر، 2021، 62).

شاعیر لەم شیعرەدا چەند لادانێکی ئەنجامداوە و لە ڕێگەی خواستنەوە چەند وێنەیەکی نامەئلوفی درووست کردووە. وەك لەسەرەتای شیعرەکەدا دەردەکەوێت شاعیر دەڵێت (دایکم بە ئاهی سارد دەروونی بووە سەلاجە) و دواتر هەریەکە لە دەربڕینەکانی (شروبی فرمێسك) و (پاکەتی نەبوونی) و (قەترەی مەراقی) وەك وێنەیەکی خواستن دروستکردووە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو شرووب و دەرمان و قەترانەی لە ناو سەلاجەدا هەڵدەگیرێن و دایکی بۆ نەخۆشی بەکاریان دەهێنێت. لێرەدا شاعیر هاتووە وێنەیەکی تەواو

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نامەئلوفی لەم کەرەستانە دروستکردووە، کاتێك ئەمانەی لە واتا ئاساییی و فەرهەنگییەکەیان دوورخستوتەوە و وێنەیەکی هونەری نامەئلوفی لێ دروستکردوون. ئینجا دواتر وێنەیەکی تری خواستنی دروستکردووە، ئەویش بریتییە لە (رەفەی سەرەوەی ناخی) کە مەبەستی ناخی دایکیەتی، بەڵام لە راستیدا (رەفە) تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکو لێرەدا مەبەستی شاعیر رەفەی سەلاجەیە، بەڵام شاعیر لەو خواستنە وێنەیەکی رازاوەی دروستکردووە. واتە وشەکانی (شروب، پاکەت، قەترە)، کە شتانێکی رۆتینی و ئاسایی ژیانی رۆژانەن، هەروەها وشەکانی (فرمێسک، نەبوونی، مەراق)، کە ئەمانیش وشەی ئاساییین و رۆژانە بەکار دێن. بەڵام دانان و کۆکردنەوەیان بەیەکەوە لەلایەن شاعیرەوە و دروستکردنی دەستەواژەکانی (شروبی فرمێسک، پاکەتی نەبوونی، قەترەی مەراق) لەو ئاساییبوونە دەریان دەهێنێت و دەیانکاتە شتانێکی نامەئلوف و نەبیستراو. پاشان شوێنی هەڵگرتنی شروب و پاکەت و قەترە سەلاجەیەو فرمێسک و نەبوونی و مەراقیش پەیوەستن بە دەروونی مرۆڤەوەو تا ئێرە بابەتەکان ئاسایی و مەئلوفن، بەڵام لێکدانی ئەو بابەتە مادی و مەعنەوییانەو چواندنی دەروونی دایک بە رەفەی سەرەوەی سەلاجەو دروستکردنی دەستەواژەکانی (شروبی فرمێسک، پاکەتی نەبوونی، قەترەی مەراق) سەرجەم کەرەستەو بابەتەکەو خواستنەکەش دەکاتە نامەئلوف. شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

رۆژانە برۆ ناو بازاڕ و ببینە
پیرەمێردێك، وەکو تەلەفۆنی عموومی حەبی گەورە گەورە
قووت دەدا و لە هەناویدا غرەیان دێ و بە تەسبیحەکەی
هەتا ژمارە سەد و یەك لێ دەدا و ژیان وەڵامی ناداتەوە
ژنێك و کچەکەی، لە ژێر لچکی یەك عەبادا بەدیار
فرۆشتنی پاکەتێك پیلی باریکەوە دانیشتوون
بێ ئەوەی بزانن لێرە نەهامەتی کۆنترۆڵی نییە
گەنجێك روخساری کوژاوەتەوە و لایتی شەحن
دەفرۆشێت ئەم دیمەنانە لە قاپی ناختدا لەگەڵ دەسکێك نەعنای مەراق
بجنە و وردیکە، دواتر چاوت وەك لیمۆ بگوشە و کەمێك
فرمێسکی بەسەردا کە
ئەوجا تێدەگەیت، بۆچی ئێواران تەنها خواردنی زەڵاتە
باشە. (تاهیر، 2021، 91).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرەی شاعیر، ئەوا بەتەواوی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە زمانی شیعری و وێنەی شیعری (تەڵعەت تاهیر) جیاوازە لە شاعیرانی تر و لەو شتانەی، کە زۆر مەئلوف و ئاشنان و مرۆڤ رۆژانە چەندین جار بەچاو دەیان بینێت. وێنەی هێندە نا مەئلوف دروست دەکات، کە زەحمەتە هیچ شاعیرێك لەو وێنانەی دروست کردبێت. ئەو وێنانەشی لە رێگەی خواستنەوە دروستی کردوون، بریتین لە (گەنجێك روخساری کوژاوەتەوە) (قاپی ناخ) (نەعنای مەراق) و (چاوت وەك لیمۆ بگوشە)، کە هەموو ئەمانە وێنەی تەواو نامەئلوف و نایابن و شاعیر زۆر زیرەکانە رێکی خستون. بۆ نمونە کاتێك دەڵێت گەنجێك روخساری کوژاوەتەوە، دەبینین هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان روخسار و کوژانەوەدا نییە، بەڵکو کوژانەوە تایبەتە بە هەندێك ئامێر، بەڵام کاتێك دەبینین لە رێگەی خواستنەوە شاعیر وێنەکە پێشکەش دەکات، ئەوا وێنەیەکی نایاب دەبینین. هەروەها هەریەکە لە (قاپی ناخ) و (نەعنای مەراق) هیچ رێکەوتنێکی واتایی لە نێوانیاندا نییە، چونکە هەریەکە لە (ناخ و مەراق) دوو شتی واتاییین و قەبارەیان نییە، تا زەڵاتەیان پێ دروست بکرێت، بەڵام دەبینین هەریەکە لەو وشانە لە شوێنی لەوچوویەك هاتوون، کە خۆیان لە شیعرەکەدا نین و لە باتی خۆیان پەیوەستێك هاتووە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سێیەم: پارادۆکس**

پارادۆکس (کردەیەکی زمانی شیعرییە، نەك تەنیا ئامرازێکی جوانکاری و بریتییە لە ئەرێنی کردنی گوتن لە بابەتێکدا، کە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ رای باو، بۆیە لێکدانەوەی پارادۆکسی گرنگییەکی تایبەتی هەیە). (ئەحمەد، 2013، 153). ئەم گرنگی و بەها ئیستاتیکییەش لە بەریەککەوتن و ململانێی نێوان دوو وشە دژبەیەکەکە دروست دەبێت. لە شیعرەکانی تەڵعەت تاهیردا پارادۆکس بەشێوەیەکی جیاواز لە شاعیرانی تر بەکارهێنراوە. بۆ نمونە دەڵێت:

سەموون کەرت نەکەی گەنممان لێ مەڕەنجێنە
بە زەبیت بە شتەکاندا بێتەوە
سابونەکە حەزدەکات بە دەستت بیشۆیت و پاك بێتەوە
خاولییەکەت حەز دەکا بە قژی وشکت تەڕی بکەیت
پێڵاوەکەت ئیرەیی بە سیسەمەکەت دەبا لەسەری دەخەویت
سیسەمەکەت ڕقی لە پێڵاوەکەتە دەیبەیتە دەوام.. (تاهیر، 2021، 271).

لەم شیعرەدا شاعیر لە رێگەی پارادۆکسەوە چەند وێنەیەکی نامەئلوفی دروستکردووە، چونکە لە راستیدا ئەوەی شتی پێ دەشۆردرێت و پێی پاك دەکرێتەوە سابونە، واتە کاتێك شتێك پیس دەبێت یاخود مرۆڤ دەستی پیس دەبێت بە سابوون دەیشوات، بەڵام شاعیر وێنەکەی پێچەوانە کردۆتەوە و پێێ وایە سابونەکە حەزدەکات بەدەستی یارەکەی شاعیر بشۆردرێت، تا پاك بێتەوە. واتە کارەکە پێچەوانە بووەتەوەو لە جیاتی ئەوەی دەستی یار بە سابونەکە پاک ببێتەوە، سابونەکە حەز دەکات بە دەستی یارەکەی شاعیر پاك ببێتەوە. شاعیر بەمە وێنەیەکی نامەئلوف و نامۆی دروستکردووە و جوانییەکی زۆری بە شیعرەکە داوە. لەلایەکی ترەوە مرۆڤ بۆ وشککردنەوەی قژی تەڕ خاولی بەکاردەهێنێت، بەڵام دیسان لێرەدا شاعیر ئەم وێنەیەی پێچەوانە کردۆتەوە و دەڵێت خاولییەکە حەزدەکا بە قژی وشکت تەڕی بکەیت، لە لایەکەوە قژ ئەگەر وشك بوو خاولی تەڕ ناکات، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی باوە و لەناو خەڵکدا ئاشنایە خاولی بۆ وشککردنەوەی قژی تەڕە، نەک قژی وشک خاولی تەڕ بکات. بەمەش شاعیر وێنەیەکی پارادۆکسی نامەئلوفی خوڵقاندووە.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

لیرەیەکی زۆر کۆدەکەمەوە
ڕۆشنایی پێ دەکڕم
مانگ لە هەژمەتا ببێتە نیوە
ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم
پێڵاوەکانم دەسڕمەوە و بە فیزێکەوە ڕێ دەکەم و
بریار دەدەم کە دڵشادم. ( تاهیر، 2021، 276).

لەم شیعرەدا وێنە پارادۆکسەکە بریتییە لە (ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم)، کە وێنەیەکی پارادۆکسییە، چونکە ئەوەی شتی پێ دەشۆردرێت ئاوە نەك خۆڵ، بەڵکو خۆڵ دەبێتە مایەی پیسبوونی شتەکان نەك شوردن و پاککردنەوەیان. بەم جۆرەش کاتێك شاعیر شۆردنی داوەتە پاڵ خۆڵ، وێنەیەکی نامەئلوفی خوڵقاندووە و خوێنەر سەرسام دەکات. دەکرێت ئەم وێنەیە بیرۆکەکەی بۆ تەیەموم بگەرێتەوە، چونکە بەپێی شەرع لەکاتێکدا ئاو نەبوو دەکرێت موسوڵمان لەبری ئاو بەخۆڵ تەیەموم بکات و بە دەستنوێژ حساب دەکرێت و نوێژەکەی دەکات.

**چوارەم: بەگیانەوەرکردن**

دەتوانین بڵێین، (دەستنیشانکردن و بە گیانەوەرکردن شێوازێکی بنەڕەتیین بۆ میتافۆر. لە راستیدا لە ئەدەبیاتی کۆندا زیاتر بە زیادکردنی ئەندامێکی مرۆڤ یان زیندەوەرێکی تر بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، یان چەمکێکی بابەتیانە و ناتەواو بەدی دەهێنرا). (نامداریان، 1381، 200). واتە بەگیانەوەرکردن (بە گشتی دانە پاڵی سیفەتێکی گیانەوەرانە بە هەموو پۆلەکانی باڵندە و شیردەر...هتد، بۆ شتێك کە هەڵگری سیفەتی (- ئاژەڵ) بێت). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٦١). لێرەدا بنەڕەتی سەرەکیی لێکچواندن (لەوچوو)ەکەیە، کە سیما و خەسڵەتی پێچەوانەی مرۆڤی پێدەدرێت و لە خانەی گیانەوەران ئەژمار دەکرێت. (قادر: 2014: 107).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانەو لای تەڵعەت تاهیر بەدی دەکرێت، ئەوەیە هەندێک ئەندامی گیانەوەر و ئاژەڵ دەداتە پاڵ مرۆڤ، یان مرۆڤ دەچوێنێت بە بێگیان، بۆ نمونە دەڵێت:

بەم جلە کوردییە سەوزەوە وەك پنجە گیا دەلەریتەوە
هەقی خۆتە گومان لە پیاوان بکەیت
کێ تا ئێستا گورگی دیوە نەباتی بێ ؟! (تاهیر، 2021، 155).

کچەکە جلێکی کوردی لەبەر کردووە، کە ڕەنگی سەوزە. گیاش ڕەنگی سەوزەو کچەکە بەو جلە سەوزەوە وەک گیایەکی ناسک، زۆر ناسک و جوانە و کاتێک پیاو دەیبینێت حەز دەکات بیخوات. لێرەدا بەهۆی ڕەنگی جلەکانی کچەکەوە وەک گیای سەوز مامەڵەی لەگەڵ کچەکەدا کردووە و دەکرێت بوترێت کچەکە بەهۆی جلە کوردییە سەوزەکانیەوە وەك بنجە گیایەك بۆتە جێی سەرنجی پیاوان. سەبارەت بە پیاویش بە ئاژەڵکردنی ئەنجام داوە، چونکە سیفەتی گورگی داوەتە پاڵ پیاو، کە دەیەوێت کچەکە بخوات. لە بنەمادا کچەکە گۆشتی هەیە، بەڵام شاعیر تەنها لەرووی ڕەنگە سەوزەکەوە مامەڵە لەگەڵ کچەکە دەکات، کە وەک گیا وایە. پاشان کە مرۆڤەکە وەک گورگ سەیری کراو بە گورگ ناوی هات، دەبێت گۆشتخۆر بێت، چونکە گورگ گۆشتخۆرە، کەچی لێرەدا پارادۆکس دروست بووە، چونکە لەگەڵ هەبوونی سیفەتی گورگدا، کە گۆشتخۆرییە، پیاوەکە دەیەوێت کچەکە بخوات، کە وەک بنجە گیایەو بەمە دەبێتە گورگێکی گیاخۆر (نباتي). ئەمەش جوانی و نامەئلوفیەتێکی دیاری بە شیعرەکە بەخشیوە.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

پارچەیەکم بۆتە پشیلەیەك، بێچووە سەگێك لە حەوشەی
ماڵی ئەو هەتیوانەی باوکیان لە شەڕەکان، لە خەستەخانەکان
نەگەڕانەوە
کەروێشکێك مریشکێکی لاواز لە سەربانی ئەو ماڵانەی
منداڵیان نابێت و
وەك قەرەبوو، میهرەبانیان بە ئاژەڵ دەبەخشن. (تاهیر، 2021، 113).

لێرەدا شاعیر دەڵێت کە بۆتە چەند پارچەیەك، پارچەیەکی بۆتە پشیلە و پارچەیەکی (بێچووە سەگێك). ئەمەش وەکو دڵدانەوەیەك یاخود ئاگادار بوونی ئەو منداڵانەی هەتیون و باوکیان لە ئەنجامی شەڕ یاخود بە نەخۆشی لە خەستەخانەکان نەگەڕاونەوە و هەر لەوێ مردوون. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە پارچەیەکی تری بووە بە کەروێشکێك یاخود مریشکێك لەو ماڵانەی منداڵیان نییە و وەك قەرەبوو بۆ نەبوونی منداڵ، خۆشەویستی بۆ کەروێشکێك یان زۆر جار باڵندە دەردەبڕن و لە جێگەی منداڵ هەموو میهرەبانی خۆیان بەوانە دەدەن. شاعیر بەم پارچە پارچە بوونەی خۆی و دانانی هەر پارچەیەکی بە جۆرە ئاژەڵێک وێنەیەکی جوان و نامەئلوفی خوڵقاندوو.

**پێنجەم: درکە**

یەکێکی ترە لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان، (کە لە مێژە مرۆڤ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا پەنای بردۆتە بەر و هەستی بەوە کردووە لە هەندێ حاڵەتدا بەبێ (درکە) ناتوانێت بە شێوازێکی جوان و کاریگەر مەبەستەکانی بگەیەنێتە گوێگر؛ بە تایبەتی ئەو مەبەستانەی کە ئاشکرایی خەوشدارییان دەکات و زیانیان پێ دەگەیەنێت، یاخود بەرووتی دەربڕینیان نەشیاوە و بریندارکردنی هەستی بەرامبەریان لێدەکەوێتەوە). (کەریم، 2012، 210). یاخود بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاساییبوون و سواوی بابەتەکە، شاعیر ڕاستەوخۆ بابەتەکە ناڵێت و بە درکە دەری دەبڕێت. واتە درکە ئەوەیە تۆ بتەوێ باسی بابەتێ بکەی، بەڵام ڕاستەوخۆ ناوی ئەو بابەتە نابەی، بەڵکو باسی بابەتێکی تر دەکەی، کە پەیوەندی بە واتای یەکەمەوە هەیە. بۆ نمونە تەڵعەت تاهیر لە شیعرێکدا دەڵێت:

کۆچ دەکەن چونکە مێژوومان سوورە نەک ڕوومان
لێرە ئایندە ناژمێردرێ
ناگەیتە دە، ئایندە دابەشت دەکا
لە ڕۆژهەڵات
هەموو شتێک هەڵدێ ڕۆژ نەبێ. (تاهیر، ٢٠٢١، ٣٩١).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەم شیعرەدا شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بابەتێک دەکات، ئەو بابەتەش بریتییە لە: (مێژوومان سوورە). لێرەدا مەبەست لە مێژووی سوور، ئەو قوربانیدان و مێژووە پڕ لە شەهیدبوون و خەبات و کوشتن و زەحمەتییەیە، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا تووشی کورد بووە و هەر لاپەڕەیەکی مێژوو هەڵدەیتەوە پڕە لە باسی خوێن ڕشتنی کورد و شەهیدکردنی بە ناحەق لەسەر خاک و جوگرافیای خۆی، هەر ئەمەش وایکردووە مێژوومان سوور بێت. لە ڕاستیدا ئەوەی لە ناو خەڵکدا باوە بریتییە لە دەستەواژەی (ڕووسووری)، کاتێك بە کەسێك دەوترێت رووسوور، واتە کەسێکی پاك و بێ لەکە و بێ کێشەیە، بەڵام شاعیر پێی وایە ئێمە لەبری ئەوەی ڕوومان سووربێت، مێژوومان سوورە و بەمەش وێنەیەکی درکەیی نامەئلوفی دروستکردووە.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

دەڵێن نیشتمان دایکە
بەڵام لەوەتەی دەیناسم ڕۆڵی باوەژن دەگێڕێت. (تاهیر، ٢٠٢١، ٣٥٠).

لەم شیعرەدا شاعیر باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە دەوترێت نیشتمان دایکە یاخود زۆر جار دەستەواژەی (دایکی نیشتمان) بەکاردەهێنرێت، بە واتای ئەوەی نیشتمان هەموو ڕۆڵەکانی خۆی وەك دایك لە باوەش دەگرێت و لە باوەشیدا دەحەوێنەوە و هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەن، وەك چۆن مرۆڤ لە باوەشی دایکی خۆیدا ئارام دەبێتەوە و هەست بە ئاسوودەیی دەکات. بەڵام شاعیر پێی وایە لەوەتەی نیشتمان دەناسێت ڕۆڵی باوەژن دەگێڕێت، ڕۆڵی باوەژنیش بریتییە لە ئازار و مەینەتی و دەرکردنی ڕۆڵەکانی، نەک لەباوەش گرتن و حەواندنەوەیان. ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ هەموو ئەو گەنجانەی لە تاو بێکاری و نەداری و هەژاری و زەحمەت ئەم نیشتمانەیان جێهێشت و ڕوویان لە دەرەوە کرد، بە سەدانیان لە دەریادا خنکان و لە دارستانەکاندا رەقبوونەوە. بۆیە ئەگەر نیشتمان دایك بوایە هەرگیز باوەشی دایکیان نەدەگۆڕییەوە بە دەریا و دارستانەکانی غوربەت. بەمەش وێنەکی جوان و نامەئلوفی دروستکردووە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی دایك و باوەژنەوە ئاماژەی بە کارەساتێکی گەورە کردووە.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە نامەئلوفکردنی واتایی لە شیعری تەڵعەت تاهیردا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لە دەقە شیعرییەکانی تەڵعەت تاهیردا نامەئلوفکردنی واتایی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت و لە ناو ئەوانیشدا لێکچواندن بە پلەی یەکەم دێت لە چاو هونەرەکانی تر.
2. ئەو وێنانەی شاعیر لە ڕێگەی خواستنەوە درووستی کردون، زۆر جیاوازن لە وێنەی خواستنی شاعیرانی تر، چونکە ئەو وێنانەی تەڵعەت دروستی کردوون لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەرەستەی سادە و ئاسایی ڕۆژانەوەیە، سەرەڕای ئەوەش وێنەی خواستنی نامەئلوفی خوڵقاندووە.
3. وێنەی پارادۆکسی لە چاو هونەرەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەوێت لە شیعرەکانی تەڵعەتدا، بەڵام وێنە پارادۆکسییەکانی جیاواز و نامەئلوفن، هەروەها وێنە پارادۆکسییەکانی شاعیر زیاتر لە بابەتی خۆشەویستییدا بەرچاو دەکەون.
4. بە گیانەوەرکردن لە شیعرەکانی تەڵعەتدا جیاوازە، چونکە زیاتر لە ڕێگەی ئەو گیانەوەرانەوە ئەنجامی داوە، کە شاعیرانی تر بەدەگمەن بەکاریان هێناون یاخود هەر بەکاریان نەهێناوون.
5. تەڵعەت لە شیعرەکانیدا لە ڕێگەی ئاماژەی بچووکەوە وێنەی درکەیی قووڵ و نامەئلوفی خوڵقاندووە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

1. ئەحمەد، سافیە محمد،٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
2. تاهیر، تەڵعەت، ٢٠٢١، ناوی تۆ ئیمزای منە، دەزگای فام، چاپی یەکەم.
3. عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەولێر
4. قادر، شێرزاد عەبدوڵڵا، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیردا، نامەی ماستەر، 2015.
5. قەتوس، بەسام، ٢٠١١، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، چاپخانەی شڤان.
6. کەریم، فەرهاد قادر،٢٠١٢، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
7. گەردی، عەزیز، ١٩٧٠، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم.
8. وێبستەر، ڕۆجەر،٢٠١٧، لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تاران.

**فارسی:**

9. تقی، پور نامداریان تقی،١٣٨١، سفر در مه، تهران، نگاه.
10. شمیسا، سیروس،١٣٨١، نقد ادبی، تهران، فردوس.
11. شیری، علی آکبر، ١٣٨٠، نقش آشنایی زدایی در آفرینش زبان آدبی، آموزش زبان و ادب فارسی، شماره ٥٩.
12. فتوحی رودمعجنی، محمود، ١٣٩١، سبک شناسی نظریەها، رویکردها و روش ها، چاپ اول، تهران، انتشارات سخن.
13. مقدم، مهیار علوی، نضریەهای نقد ادب معاصر، (صورتگرایی و ساختارگرایی)، چاپ اول، تهران، 1377.
14. مرادی، مریم، ١٣٨٩، بررسی اشنایی زدایی در اشعار سهراب سپهری، فصلنامەی تخصصی زبان و ادبیات فارسی، شماره 5، زمستان.

**عەرەبی:**

15. بوزواوی، محمد، ٢٠٠٣ قاموس مصطلحات الادب، دار مدنی.
16. الخرشة، احمد غالب، ٢٠٠٨، اسلوبیە الإنزیاح فی النص القرأنی، رسالە دکتوراه، جامعە مؤتة.
17. ربابعة، موسی، ٢٠٠٠، جمالیات الأسلوب والتلقي، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعیة ـ اربد، ط1، الأردن.
18. الروابحی، سعد، ٢٠٢٠، التغریب فی الشعر العربی المعاصر، مجلە المیادین للدراسات فی العلوم الإنسانیة، المجلد الثانی، العدد الثانی.
19. زیتونی، لطیف، ٢٠٠٠، معجم مصطلحات نقد الروایة، مکتبە لبنان ناشرون، بیروت، لبنان.
20. شودار، فاطمة الزهراء،٢٠١٥، التغریب عند شکلانین بین النظریة والتطبیق، الرسالة ماجستیر، جامعة محمد خیضر.
21. المسدی، عبدالسلام،١٩٨٩، مراجع النقد الحدیث، الدار العربیة للکتاب.
22. ویس، احمد محمد، ١٤١٦هـ، الانزیاح بین النظریات الأسلوبیة و النقد العربی القدیم، جامعة حلب.

**ئینگلیزی:**

23. Abrams, M.H. A, (1993), Glossary of Literary Terms. New York: Holt, Rinehart, and Winston.
24. Trelease, J. (1994). The Read-Aloud Handbook. Penguin group, New York.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)